# دادگای تایبەت و دۆزی کوردان لەچەند ڕوانگە و سەرنجێکەوە

**شاخەوان شۆڕش**
2006.08.21

لەم وتارەدا جەخت دەخرێتە سەر لایەنە نەگەتیڤەکانی دادگاکە سەبارەت بە کێشەی کورد و کارەساتەکانی. ڕوانینی دەسەڵاتدارانی کورد بۆ کارەساتەکان و کارەکانیان سەبارەت بە دادگاکە، تێگەیشتنیان و ئاستی هەستکردنیان بە لێپرسراوی لەو بارەیەوە.

ئەگەر لە ئاستی گونجاو بە دۆزی کورد سەیری دادگاکە بکەین، کوردستان بە خاکێکی داگیرکراو دابنێین، کورد بە ناسیۆن دابنێین و پێمانوابێت شایانی سەربەخۆییە، بە کورتی ئەگەر کوردستانیانە سەیری کێشەی کورد بکەین، لایەنە خراپ و نەگەتیڤەکانی ئەو دادگایە دەکرێ لەو خاڵانە کورد کەینەوە:
یەکەم: بەئێراقیکردنی دادگاکە مۆرکی نەتەوەی گەلکوژی داگیرکەر لە نەتەوەی عارەب و ستاتی ئێراق دادەماڵێ، کارەساتی گەلکوژی ئەنفال دەکاتە کێشەیەکی ئێراقی ناوخۆیی. بەو تێگەیشتنە لە ڕوانگەی کێشەی نێوان دوو نەتەوەی جودا بەواتای کێشەی نێوان نەتەوەی داگیرکەر و نەتەوەی ژێردەست سەیری کێشەی نێوان کورد و عارەب بەگشتی ناکرێت. سەیری کێشەکە وەکو کێشەی کەمینەیەکی نەتەوەیی ئێراقی لەگەڵ ڕژێمێکی دیکتاتۆردا دەکرێت. بەناوخۆییکردنی دۆزی کورد کەمکردنەوەی قورسایی و واتای کێشەی کورد و بەهەمان شێوە کارەساتەکانیەتی.
دووەم: نەتەوەی گەلکوژی عارەب دەسەڵاتی دادگاکەی بەدەستە (زۆرینەی داوەرەکان عارەبن، بوونی چەند دادوەری کورد، لە ناوکی بابەتەکە ناگۆڕێ و لە ڕاستیدا کوردی پێ هەڵخەڵەتێندراوە). هەروەکو سەرۆکی دەستەی دادگاییکردنەکەی دۆزی ئەنفال عارەبە، بەمشێوەیە عارەب دادگایی ژینۆسایدەک دەکەن، کە نەتەوەکەی خۆیان بەرامبەر بە نەتەوەیەکی ژێردەستەی خاک داگیرکراو کردوویانە. بەکورتی ئەو مافەی بە گەلی جولەکە، یا بۆسنی لە دۆزی گەلکوژیەکانیاندا ڕەوا بیندرا، بە کورد ڕەوا نەبیندراوە. بۆ ئەوان دادگای نێونەتەوەیی بێلایەن دامەزرا، بۆ کورد وانییە، دادگاکە کرایە ئێراقی و عارەب لەدادگا باڵادەستە. دیارە دادوەرە عارەبەکان سەر بەنەتەوەی گەلکوژن و هەرگیز ناتوانرێ بێلایەنیان بسەڵمێندرێ. ئەوەش کارێکی زۆر ناڕەوایە بەرامبەر بە ناسیۆنی کورد کراوە. گوتنی ئەوە بە شێوەیەکی دیکە، لەبەر ئەوەی کێشەی نێوان کورد و عارەب، کێشەی نێوان دوو نەتەوەی جودا و ناکۆکە، بە درێژایی سەدەی ڕابردوو و مێژووی ئێراق ئەوانە دژی یەک بووین و شەڕیان بووە، هەروەها باشوری کوردستان لەلایەن عارەبەوە دەستی بەسەردا گیراوە، دەبوایە ترێبیونالێکی نێونەتەوەیی بێلایەن، وەکو ئەوەی بۆ یوگوسلاڤا دامەزرا، بۆ گەلکوژی و کۆمەڵکوژی، پاکتاو و بەعارەبکردن و تاوانکاریەکانی دی کە بەرامبەر خەڵکی کوردستان کراون، دابمەزرێت. بۆیە لەو ڕوانگەیەوە ئەو دادگایە زۆر ناڕەوایە.
ئەگەر سەیری کێشەی کورد وەکو کێشەی نەتەوەیەکی ژێردەستیش نەکرێت، ئەوە هەر ناڕەوایە نەتەوەی چەوسێنەری عارەب بکرێنە دادوەر یا تێکەڵی پرۆسەی دادگاییکردنەکە (جگە لە دیتەر و تاوانباران) ببن. چونکە وەکو گوترا ناتواندرێ عارەب بەرامبەر بە کورد بە بێلایەن دابندرێن. ئەوە یاساییانەش بەئەگەری زۆر ڕاستە. گەلی جولەکە کێشەی خاکی وەکو گەلی کورد نەبوو، بەڵام دادوەرانی ئەڵمان کە سەربە نەتەوەی گەلکوژن، ڕێگایان نەدرا لە دوور و نزیک خۆیان لە دادگا هەڵبقورتێنن.
سێیەم: زمانی عارەبی زمانی دادگا و دادگاییکردنەکەیە، بۆ کورد زمانی عارەبی، زمانی چەوساندنەوە، پاکتاو و گەلکوژییە، زمانی نەتەوەی چەوسێنەر و داگیرکەرە. ئیستا دیسان ئەو زمانە فەرماندەرە و باڵادەستە. ئەوە جگەلەوەی بانگاشەی یەکسانی زمانی عارەبی و کوردی بەدرۆدەخاتەوە، زمانی ناسیۆنی کورد بە گرنگ دانەندراوە.
چوارەم: تاوانی بەعارەبکردن، ئەو تاوانکاریەی کە پەیوەندی تایبەتی بە کێشەی نێوان کورد و عارەب هەیە، ئەو تاوانکاریەی کورد بانگاشەی بۆ دەکات و بە بەڵگە بەسەری هاتووە، لەو دادگایە ئێراقی و عارەبیەدا وەکو تاوان ڕاستەوخۆ ناکرێتە تاوان، شوێنی بۆ ناکرێتەوە و ڕێگای پێنادرێت. مەبەست ئەوەیە، یاسای تایبەتی بۆ دانانێدرێت، یاساییانە نانوسرێت بەعارەبکردن تاوانە و جۆرەکانی تاوانەکە یاسایانە دیارناکرێت. ئەوە دەکرا لە دادگایەکی نێونەتەوەیی جێی بگرتبایە و یاساییانە بکرابایە یاسا. دیارە ئەوساش کاتێک دەکرا، ئەگەر کورد خاوەنی هەبووایە.

دیاره تاوانی پاکتاوکردن له پەیڕەو و یاسای دادگای تایبەتی ئێراقدا هەیە (ئەرتیکلی 12،ب، 2)، ئەوەش وەکو تاونی جەنگ و ژینۆساید له یاسای نێونەتەوەیی بۆ تاوانکاری وەرگیراوە، بەڵام بەعارەبکردن جیاوازە له پاکتاوکردن و ناکرێ هەروا ناوی پاکتاوی لێبندرێت. جگەلەوەی تێکستی پاکتاوەکەی یاسای نێونەتەوەیی، گشتگرانه ئاماژە بە لەناوبردن دەکات. تێکستەکە لاوازە و ئاماژەی ڕاستەوخۆ بە پاکتاوی ڕەگەزی ناکات و پێناسەی پاکتاوی ڕەگەزی ناکات. پاکتاوی ڕەگەزی بەرامبەر بە ناسیۆنی کورد بە بەردەوامی هەبووە، بەئەگەری زۆر ئەو تێکستە لاوازە، بەدڵی عارەبەکانە و لە ئاستی ئەو تاوانەدا نییە کە بەرامبەر بە کورد ئەنجام دراوە.

ئەگەر سەیری دادگاکە و یاساکانی بکەین (کە لێرەدا نامەوێ زۆر لەسەری بوەستم، چونکە لە وتارێکی دیکەدا ئاماژەم بە هەندێ لایەنی ئەو بابەتە کردووە)، دادگایەکە ئاماژە بە هەندێ بڕیار و بڕگەی یاسای ستاتی ئێراق لە 1958، 1968، 1969، 1971 و 1979 سەبارەت بە یاساکانی تاوان و هەندێ بڕیاری یاسایی دی دەکات و پیادەی ئەو یاسایانە دەکات. دیارە وەکو پێشتر گوترا، سەبارەت بە تاوانەکانی گەلکوژی، تاوان دژ بەمرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ سوودی لە یاسا نێونەتەوەییەکان وەرگرتووە و پەیڕەی ئەو ستانداردانە دەکات.
ئەوەی جێگای سەرنج و ئاماژە پێکردنە، عارەب ئەوەی لەبەرژەوەندیان دابووە، هێناویانە و خستویانەتە چوارچێوەی پەیڕە و یاسای دادگاکە. بۆنمونە ئەوان هاتوون یاسای ژمارە 7 ئەرتیکلی 1ی یاسای ساڵی 1958 کە سەبارەت بە تاوانی داگیرکردنی وڵاتی عارەبیە لەلایەن ئێراقەوە، هێناویانە و لەچوارچێوەی یاسای دادگاکەدا چەسپاندویانە. ئەوەش بە مەبەستی دادگاییکردنی سەدام و هاوکارانی لەسەر داگیرکردنی کوێت. پرسیار ئەوەیە، بۆ بۆ ئەو تاوانکاریانەی 80 ساڵە بەرامبەر بە کورد دەکرێن، هیچ یاسایەک داناڕشترێت، بەڵام بۆ تاوانێک کە پەیوەندی بە بەرژەوەندی عارەب و ئێراقەوە هەیە یاسا زیندوو دەکرێتەوە؟ بۆ بۆ تاوانی بەعارەبکردن، کە بەسەدان و هەزاران بەڵگە لەسەر ئەو تاوانە هەن، هیچ یاسایەک داناڕشترێ، ئەو تاوانە وەکو "تاوانی بەعەرەبکردن" یاساییانە دانی پێناندرێت، پێناسە ناکرێت و ناخرێتە چوارچێوەی یاساکانی دادگاکە؟ بەکورتی ئەوە بەڵگەی ڕاکشاوی ئەوەیە، دادگاکە بە دڵی عارەبان داندراوە، گرنگیی گونجاو بە کورد و کارەساتەکانی نەدراوە. ئەوەش ئاماژە بە بێکەسی کورد لەو پرۆسەیەدا دەکات.

سەبارەت بە دەسەڵاتی کوردی و دادگاکە، هەروەها هەوڵ و کارەکانی ئەوان سەبارەت بە دادگاکە، دەکرێ گەلێ ڕەخنە خۆیان لەوبارەیەوە قیتبکەنەوە، لەوانە:
یەکەم: دادگایەکی نێونەتەوەیی پەسند نەکرا، دادگایەکە کرایە ئێراقی، بەڵام ئەوان، هیچ کاردانەوەیەکیان سەبارەت بەوە نەبوو، هیچ هەڵوێستیان لە پشتگیریەکی ساویلکانە بترازێ نەبوو. بۆ خەڵکی قوربانی بەتایبەتی، خەڵکی کوردستان بەگشتی روون نەکرایەوە، بۆچی؟! ئەگەر هیچ دەسەڵاتیان نەبوو و بە هیچ دانەندران، با بیانگوتبایە، هیچمان لەدەست نەهات. ئەوسا خەڵک هەمووی لە شوێنی ڕاستەقینەی کورد بە ڕاکشاوی دەگەیشت. چونکە هەر پشتگیریەک بۆ دادگایەکی ئێراقی یا بۆ بەئێراقیکردنی دادگاکە، جگەلەوەی دەیانخاتە خانەی عارەبان، ئاماژە بە ساویلکەیی و بێئاگایی ئەوان لەو دۆزی ژینۆسایدی ئەنفال دەکات. دیارە بەئەگەری زۆر ئەوان پەسندی بە ئێراقیکردنی دادگاکەیان بەر لەدامەزراندنی کردیە.
دووەم: نەیانتوانی زمانی کوردی لە تەک زمانی عارەبی (کە من پێموایە ئەوەش تیماری دەردی ئێمەی نەدەکرد) بکەنە زمانی دادگاییکردنەکە، ئەوەش بەپێی بانگاشەی خۆیان و بنچینەیاسای ئێراقی کە گوایە زمانی عارەبی و کوردی یەکسانن.
سێیەم: نەیانتوانی تاوانی بەعارەبکردن وەکو یاسا لە یاسای دادگادا پێناسە بکەن و بسەپێنن. نەیانتوانی وابکەن ئاماژە بە پاکتاوی ڕەگەزی لە بڕگەی سەربەخۆ و تایبەتدا پێناسە بکرێت و بسەپێندرێت. نەیانتوانی بابەتی قەرەبووکردنەوەی قوربانیان لە چوارچێوەی یاسایەکی تایبەتدا لە یاسای دادگاکەدا بسەپێنن. ئەوانە بۆ خەڵکی کوردستان زۆر گرنگن، لە تاوانکاریەکان ستاتی ئێراق ڕاشکاوانە تاوانبارە، قەرەبووکردنەوە لە هەموو بوارەکانەوە و چەسپاندنیان لە چوارچێوەیەکی یاساییانە زۆر پێویست بوو، بەڵام ئەوانە هیچی نەکران.
چوارەم: تائێستا (ئەوەندەی من ئاگادار بم) پەیڕەو و یاسای دادگاکە نەکراوەتە کوردی، نەکراوەتە نامیلکەیەک و بەخۆڕایی بڵاوبکرێتەوە تاکو خەڵک بتوانن بەئاسانی دەستیان بکەوێت و بۆخۆیان بیخوێننەوە، کۆڕ و کۆبوونەوە ساز بکرێت و خەڵکی ئاسایی لە ناوەڕۆکی یاسای دادگاکە و کەموکوڕیەکانی هوشیار بکەنەوە هتد. ئەوە نەکرا، ئەگەر شتێکی کەم کرابێت، لەئاستێکی سنورداردا بووە و بۆ کەسانێکی تایبەت بووە.

پێنجەم: میدیاکانی سەر بە پارتی دەسەڵاتدار کە هەر خۆیانن باڵا دەستن، لەئاستی گەورەیی کارەساتەکەدا نین، جگەل لە هەندێ پرۆگرامی کەم، هەندێ کەناڵ زۆر کلاسیکیانە هەندێ کۆنە کاسێت دووبارە دەکەنەوە. دیارە ئەوە کەمترین کارە لەو بارەیەوە بکرێت. دەبوایە میدیاکان جەخت بخەنەسەر ناوکی بابەتەکە و دادگاییکردنەکە، پرسەکانی پەیوەستدار بە داددگاییکردنەکە، ئەگەرە خراپ و باشەکانی ئەو جۆر دادگایە، ڕەخنە و تێبینیەکان هتد. بەگشتی ڕەخنە لە دادگا ناگیرێت و ڕەخنە بڤەیە. دەبوایە ڕۆژانە پرۆگرام لەسەر ئەو بابەتانە بەبەشداری خەڵکی شارەزای بێلایەن سازکرابایە. ئەوەی تائێستا کراون زۆر کەمن.
شەشەم: ئامادەکردنی دیتەران و ڕزگاربووانی کارەساتی ئەنفال، زۆر کەمە بە بەراورد لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرەی کە هەن. هەر بەپێی زانیارەکانی خۆیان زیاتر لە 50 هەزار کەس دەکرێ وەکو دیتەری گونجاو بێنەپێش، کەچی ئەوانەی ئامادەکراون ناگەنە 2 هەزار کەس. دیارە دادگا لەوانەش 120 تا 140 کەس هەڵدەبژێرێت.
حەفتەم: بوونی دادوەری کورد، هەوڵێکە بۆ ڕەواکردنی بە ئێراقیکردنی دادگاکە، بەجۆرێک پیشاندانی بانگاشەی یەکسانی نێوان گروپە نەتەوەیی و ئەتنیەکانە. کورد بەو دادوەرانە شاگەشکە بووە، بەڵام لەڕاستیدا ئەوە داوێکە بۆ کورد داندراوە و کوردیش ساویلکانە بێگلەیی تێیکەوت. ئەوە لەخشتەبردنی کوردە، بەشێوەیەک بە بوونی چەند دادوەرێکی بە ناسنامە کورد، گەورەیی و قورسایی دۆزی کورد و کارەساتەکانی بەلاوەنراوە و ناوخۆیی کراوە.
وەکو دیتمان، دادوەری کوردیان بۆ کەیسی دوجەیل دانا، بەوە دەمی نوێنەرانی کوردیان داخست (ئەگەر ئەوان هەڵوێستیان هەبووبێت). کەیسێکی بچوکی پێشتر نەبیستراوی وەکو دوجەیل گرنگی زۆر زیاد لەپێویستی پێدرا، خسترایە پێش تاوانی گەلکوژی ئەنفال. ئەگەر لەسەر دوجەیل سەدام بکوژن، ئەوە بێگومان کەیسی دوجەیل گرەوی خۆی دەباتەوە و دۆڕاوی گەورەش کورد دەبێت. لەئەگەری کوشتنی سەدام لەسەر دوجەیلدا، گومانی زۆری گونجاو لە مەبەستی عارەبان بەرامبەر بە کێشەی کورد، کەیسی ئەنفال و تاوانەکانی دی پەیدا دەبێت.
دەسەڵاتدارانی کورد شانازی بە بوونی دادوەری کورد لەو دادگایەدا دەکەن و بوونی دادوەری کورد بە سەرکەوتنی گەورە دادەنێن. بە تێگەیشتنی ئەوان پێشتر کورد لە ئێراقدا ژێردەست بووە، ئێستا لە دادگاییەکی گەورەدا، لە دادگاییکردنی دیکتاتۆرانی پێشوودا بەشدارە. هەروەکو د. بەرهەم ساڵح لە کۆبوونەوەیەکدا وابزانم لەگەڵ خوێندکارانی زانکۆ بوو، بە شانازیەوە دەیگوت، "ئەوەتا ئێستا دادوەرێکی کورد دادگایی سەدام دەکات". ئەو گۆتەیە زۆر لە گۆتەکەی تۆنی بلێر دەچێت، کە دەیگوت، "ئێراق ئازادە، ئێراقیەکان بە هەموو گروپە جیاوازەکانەوە، ئازادانە نوێنەرانی خۆیان هەڵبژاردووە و حکومەتیان پێکهێناوە". بلێر وریایە و دەزانێ چی لەبەرژەوەندایە، ئەو لەو گۆتنەدا زۆر ڕاستی لە خەڵک دەشارێتەوە و دەیەوێ بەو وشانە خەڵک بەلای خۆیدا ڕابکێشێت. بەڵام ئەوەی بەرهەم ساڵح، ساویلکەیی و بێئاگایی یا خۆلێگێلکردنی پێوە دیارە. لەروانگەیەکی کوردستانیانەوە ئەو و هەموو کورد فێڵیان لێکراوە، بەڵام ئەو وەکو سەرۆکەکانی، لەپێناوی بەرژەوەندیەکانیان چەپڵە بۆ نزمکردنەوەی دۆزی کورد و بێدەسەڵاتیان لەئاست عارەباندا لێدەدەن. دیارە ئەگەر عارەب وەکو برا و سەردار، زمانی عارەبی وەکو زمانی باڵا سەیر بکرێن، هەروەها دان بەسەرداری ئێراق لەسەر کوردستاندا بندرێت، هەروەکو ئەوان بەکردەوە بڕوایان پێی هەیە و وادەکەن، پرۆسەی دادگاییەکە جێگای شانازیە بۆ ئەوان. دادوەرێکی بەناسنامە کورد بەشداری دادگای تایبەت دەکات، سەرۆکی دادگایکردنی کەیسێکی عارەبان دەکات و بەبێ جیاوازی لەناو عارەبان بە زمانی عارەبی وەکو هەر عارەبێکی ئێراقی دی دەدوێت، کەس هەست بە کوردبوونی دادوەر ناکات، کەسیش بۆی نییە پێی بڵێت تۆ ئێراقی نیت یا نابێت لێرەبیت! دیارە ئەوە لەڕوانگەی تێگەیشتنەکەی ئەوانەوە دەستکەوت و سەرکەوتنە.
هەروەکو کێشەی کورد کە بەپێی تێگەیشتنی ڕێچکەی بارزانی و تاڵەبانی کێشەیەکی ناوخۆیی و ئێراقیە، کێشەی خەڵکێکی چەوساوەی ئێراق لەگەڵ ڕژێمێکی دیکتاتۆر بووە، هەروەکو مەسعود بارزانی و ئەوانەی دی دەڵێن، "کێشەی ئێمە لەگەڵ ڕژێمی دیکتاتۆر بووە"، بەو پێیە کێشەی کورد کێشەی ڕژێم گۆڕین بووە! بەو واتایە لەگەڵ نەمانی ڕژێمی دیکتاتۆر کێشە نامێنێ و هەموو ئێراقیەکان ئاسوودە بەیەکەوە دەژین. کەیسەکانی پاکتاو یا کۆمەڵکوژی کوردان "ئێراقیە کوردەکان" کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ئەنجام دراون، لەو دادگایەدا لەو ڕوانگەیەوە چارە دەکرێن، ئەوەش لەگەڵ ئەو تێگەیشتنەی دەسەڵاتدارانی کورد گونجاوە.